سەماحەتی حەکیم..بەھەڵەند ھەڵگرتنی بەرژەوەندی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیھان وادەکات سەقامگیری ببێتە بەشێك لە ئەمنی نیشتمانی

لە دیوانی بەغدا بۆ گەنجانی بەھرەمەند لە ڕۆژی شەممە 3-6-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی گوتی کە گەنجان ھێزێکی گرنگن ئەگەر بەباشی بەکار ھێنران و ڕکابەریەکی سەختیشن ئەگەر بەباشی بەڕێوە نەبرێن، ڕوونیشی کردەوە کە عێراق تەنھا لەگەڵ خۆی بەراورد دەکرێت، ئەویش بەھۆی ئەو دەخ و قەیرانانەی عیراق پێیدا تێپەڕ بوو، ھەروەھا بەھۆی گواستنەوەی پڕ بەکێشەی حوکم لە ڕژێمێکی دیکتارۆری بۆ ڕژێمێکی دیکموکراتی فرەیی، ئەو گواستنەوەیە لە نێوان ئەو سیستەمەی حزکمدا باجێکی زۆر لەسەر ئاستی ناوخۆی و دەرەکی بەدواوە بوو.

سەماحەتی ڕوونی کردەوە، کا تایفیەت لە دەرئەنجامی کۆمەڵگا نییە بەڵکو دەرەنجامێکی سیاسییە کە بۆ ئەوەیە ھەندێك دەستکەوتی سیاسی پێ قازانج بکرێت، بەیەکەوە ژیان قەدەرە نەك بژاردە لە نێوان کۆمەڵێك بژاردەدا، عیراقییەکان تایفیی یان بۆ ماوەیەکی پێوانەیی گەمارۆدا ئاماژەشی کرد کە زەرەرمەندی سەرەکی لە تیرۆر ئاینی ئیسلامی بووە کە بەدەست کاردانەوەکانی تیرۆر و خراپە کردن بە ئیسلام زۆر مەینەتی بەخۆیەوە بینی.

سەماجەتی ستایشی نەوەی ئێستای لاوانی کرد کە پاکن و دوورن لە کاریگەرییەکانی ڕابردوو و حەزیان لە بەیەکەوە ژیان و تەباییە، گوتیشی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی ڕەوتێکە دامەزراوە بۆ ئەوەی لاوان خواست و بۆچوونەکانی خۆیانی تێدا دەربڕن، تا ئێستاش پێنج نەوەی ئەو لاوانە ھاتوونە مەیدان، ئەمە پالپشتی ھەموو چیڕۆکێکی سەرکەوتنی گەنجان دەکەین، گوتیشی عێراق ئێستالە سەقامگیرییەك دەژی کە پێشتر بەخۆیەوە نەبینیوە، لە ڕوی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی و ھەتا بگرە لەڕووی ئابووری و خزمەتگوزارییەوە، وەك دەبینن لە ھەموو پارێزگاکان شۆڕشێکی گەورەی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری ھەیە، تیرۆر پێشتر ئەو ناوچانەی ڕاستەوخۆ لەناو بردبوو ھەروەھا ھەموو چالاکییەکانی ئاوەدان کردنەوەش وەستابوو، بەڵێ بودجە ئێستا گرنگیەکی سیاسییە و بەجێبجێکردنیشی ئیرادەیەکی سیاسی دەوێت.

سەماحەتی پڕۆژەی ڕێگای گەشپێدانی بەو پڕۆژەیە وەسف کرد کە لەبەرژەوەندی عێراق دەبێت بە بەراورد بە بەرژەوەندی ولاتانی دیکەی بەشداربوو، ئەوەش وادەکات سەقامگیری ببێتە بەشێك لە ئەمنی نیشتمانی، داواشی کرد ئەو ڕۆڵەی عێراق لە ناوچەکە دەیبینیت بە لەکنزیك کردنەوەی بۆچوونی نەیارەکانی ناوچەکە ھەر بۆ پارێزراوی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ھەر سەقامگیرییەکی ناوچەکە لە بەرژەوەندی عیراقیش دەبێت. ھەروەھا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە ھەوڵەکان یەك حرەن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی بازرگانی مادەی ھۆشبەر و بیربۆچوونە خراپەکان ببنەوە کە ئێستا ھاتۆونەتە نێو کۆمەڵگای عێراقی، داواشی لە گەنجان کرد شانازی لە وڵات و کەلتوور و ناسنامەیان بکەن ز دەستپێشخەری سیاسیان ھەبێت یان بۆ دروستکردنی کیانێکی سیاسی یان لەگەڵ ھێزی سیاسی وا ڕێکبکەون و کار بکەن کە لەگەڵ بۆچوونی ئەوان دەگونجێت.

سماحەتی وەسفی ھۆکاری سەردانەکانی بۆ پارێزگاکان کرد و گوتی ئەوە بۆ سەردانی کردنە و ئەوەیە لەسروشتی پارێزگاکان شارەزا بێت و پارێزگاری لە پەیوەندییەکان لەگەڵ کەس و کارمان بکەین، گوتیشی تشرین جووڵەیەکی گەنجانە بوو داواکاییەکانیش ھەق بوون، پێویستە خاوەن ئەو داواکارییە ھەقانە جیابکەینەوە لەوانەی کە ھاتنە سەر خت بۆ ئەوەی چەند دەستکەوتێکی سیاسی بەدەست بھێنن، دواشی کرد ئەو ناگونجاندنە لە تەمەن لابدرێت، بۆ نموونە ناکرێت ڕێگا و مۆڵەت بدەین بە یەکێك کە تەمەنی 25 ساڵە کە حیزب دابمەزرێنێت لە کاتێکدا ئەو ساڵەی دیاری کراوە 30 ساڵ بێت.